# خولیای بردنەوەی گوێچکەی درێژی فەرمانڕەوا

## لەپەراوێزی شیوەنی ژنێکی پۆستپەرستدا



ئەم نووسینە پێشکەشە بە:

**(میمکە ڕەعنا)ی ڕۆح پێشمەرگە و هاوخەمەکانی. لەسەردەمێکدا کە ڕۆحی پێشمەرگە کە لە جەستەی "پیاو"ی کورددا گەندەڵیی دایڕزاند و تەنها جێگەیەک کە ئەم ڕۆحە باڵایە توانای هەبێت درێژە بەو ژیانە یۆتۆپیی و پڕ لە ئیرادەیە بدات، ویژدانی ئەو ژنانەیە کە زۆرترین نەهامەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمەیان لەسەر شانە، کەچی هێشتا لە هەموو پیاوانی وڵاتەکەمان بەویژدانتر، بەئەمەکتر، کوردپەروەرتر و لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە پێشمەرگەترن.**


بەختیار کەریم


بەدرێژایی مێژوو سامناکترین ساتەوەخت ئەو ساتەوەختەبووە، کە زۆرترین ژمارەی نووسەر و تیۆریزان، لە پێشبڕکێی بردنەوەی گوێچکەی درێژی فەرمانڕەوادان. بردنەوەی گوێچکەی فەرمانڕەوا بەو واتایەی کە ئەو گوێچکە درێژانە دەستەبەر بکرێن، بۆ ئەوەی نووسەر یان تیۆریزان جیهانبینی نەزانانەی خۆی بەچرپە بە فەرمانڕەواکان بگەیەنێت. جیهابینیەک کە زادەی خۆپەرستی و مەقامپەرستیە، نەک قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە و خەمخۆریی بۆ کۆمەڵگا. ئێمە باسمان لەو بیریارانە نییە کە تا ئەم ساتەوەختەش دەقە نەمرەکانیان چرایەکن بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ئەو فەرمانڕەوایانەی کە دەخوازن دادپەروەربن. بەڵکو مەبەستمان ئەو نووسەرانەیە کە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، هەموو هەڵیک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی گوێچکەی درێژی فەرمانڕەوا ببەنەوە، تا لەڕێگەی ئەم بردنەوەیەوە خولیای مەقامدۆستییان تێربکەن.

ئێمە باس لە "کۆمار" و "یاساکان"ی پلاتۆ و "سیاسەت"ی ئەرستۆ ناکەین، کە تا ئەم ساتەوەختەش وەک چەند سەرچاوەیەکی "دانسقە بۆ پرسی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤ مایەی تێرامانی بێسنوورن"(1)، هاوکات باسمان لە "میر" یان "گۆتارەکانی" ماکیاڤیلی نییە، کە ئەگەرچی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا یەکەمیان شێوێنراوە و دووەمیان نەخوێنراوەتەوە، بەڵام دەکرێت وەک ڕینماییەکی دیمۆکراتییانە ببینرێن، بۆ تێگەیشتن لە پێگەی توندوتیژیی لە سیستەمی کۆمارییدا(2). ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە نووسەری شێوەی "سامۆیڵ هانتیگتن"ە، کە کاتێک هەڵیکی دەستدەکەوێت بۆ نووسین لەسەر تەنگەژەکانی دیمۆکراسی ئەمریکی، کەمتەرخەمی ناکات لە چرکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ بردنەوەی گوێچکەی درێژی فەرمانڕەوا. هانتیگتون، لە کتێبەکەیدا کە دەکرێت ناوی بنێین مانیفێستۆی ئەنتی-دیمۆکراسی، بە سەروەرەکانی دەڵێت، کێشەی دیمۆکراسی خودی دیمۆکراسییە، ڕێگەچارەش کەمکردنەوەی ئازادییەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەتە(3). ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئەو تەرزەیە لە نووسەر کە هەندێک جار خۆیان وەک تیۆریزان نمایش دەکەن، ئەگەرچی ئاستی ڕۆشنبیرییان لە نزمترین ئاستدایە، بەڵام مانیفێستۆی چاکسازی بۆ ئەم حیزب یان ئەو ڕێکخراو دەنووسنەوە، یان جاڕنامەی ماف بۆ کۆمەڵگایەک دادەڕێژن. مەبەستمان ئەو تەرزەیە لە نووسەر کە بەبێ دانانی بچووکترین ڕێز بۆ هزری مرۆڤایەتی، یان ئەو شتانەی گوایا پارێزگارییان لێدەکەن، هەموو وزە و تواناکانیان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەسەڵاتداران تەرخان دەکەن، هەموو بوونی خۆیان دەکەنە قوربانیی خولیای پۆستپەرستییان. ئەم تەرزە لە نووسەر سامناکترن لەو هەڕەشانەی سەرکردەیەکی ستەمکار لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوی دەکات، چونکە ئەم جۆرە لە نووسەر ئامادەن هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەموو پێودانگە ماریفییەکان بکەنە قوربانیی شکاندنی تینوێتی ڕۆحی گرگنیان.

خولیای پۆستپەرستی بۆتە یەکێکە لەو دیاردە سامناکانەی کە ئەمڕۆ یەخەی کۆمەڵگای ئێمەی گرتوە، نووسەرێک دەیەوێت ببێتە وەزیر، بەبێ ئەوەی بچوکترین زانیاری لەسەر هیچ بوارێکی بەڕێوەبردنی سیاسی هەبێت. سەیر لەوەدایە کە کەمنین ئەوانەی پێیانوایە کە نووسەرێکی ماستاوچی شیاوترە بۆ بوون بە وەزیر، زیاتر وەک لە پارێزەرێک کە هەموو کاتەکانی خۆی بۆ سیاسەت تەرخانکردوە. لەجێگەی تردا گووتوومانە کە ئەو بوونەوەرەی پێیدەڵێن پەرلەمانی کوردستان شایانی ئەو باڵەخانەیە نییە کە تێدا کات بەفیڕۆدەدات، بەڵام ئەم دەستەوسانییەی پەرلەمان هۆی ئەوەنییە کە هەموو ئەندامەکانی ناکارابن، بەڵکو ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی باڵادەستی دوو حیزب و دوو بنەماڵە خوڵقاندویەتی هۆکاری سەرەکیی ئەم دەستەوسانییەی پەرلەمانن. لەنێو ئەندامانی پەرلەماندا خانمی وەک "خەمان زرار" هەیە، کە ئەگەر سیستەمی سیاسی چەقبەستوو ڕێگەی پێبدات لە هەموو ئەو پیاو و ژنانە سەرکەوتوتر دەبێت کە وەک ئەو ئەندام پەرلەمانن. لەڕاستییدا ئێمە ئەم خانمە تەنها لەڕێگای چاوپێکەوتنێکیەوە لەگەڵ "ڕادیۆ نەوا"دا دەناسین، بەڵام کورد گووتەنی مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، ئەم خانمەش لەو چاوپێکەوتنەدا نمایشیکرد کە ژنێکی چالاک و خەمخۆری مرۆڤ و مافەکانیەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵام وەک هەندێک نایکاتە هاتوهاوار و باسی هەموو ئەو شتانە بکات کە کردوونی. ئەوەی مەبەستی سەرەکیمانە، جەختکردنەوەیە لەو ڕاستییەی کە کێشەی ناکارایی پەرلەمان کێشەیەک نییە وابەستەبێت بە ئەندامەکانیەوە، بەڵکو پەیوەستە بەو بونیادەوە کە پەرلەمان تێیدا ژیانی خۆی دەژی. ئەگەر باشترین و کاراترین ئەندام لە پەرلەمانەکانی جیهان کۆبکەیتەوە و بیانکەیت بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەو ئەندامانە بەدەر لەکارایی و شارەزاییان وەک پۆڕی خوراو دەبنە نێچیری کەڵبەی نێچیرڤانەکانی حیزب و دەسەڵاتی کوردی. هەمان ئەم تێڕوانینە بۆ حکومەتی کوردی دروستە، بۆیە لە خورارەوە

سەرنجێک لەم بوونەرەوە دەدەین کە هەندێک هیوای گەورەیان لەسەر بنیاتناوە، هەندێکیش شیوەنیانە کە نەبوونەتە وەزیر.

زۆر گرنگە سەرنجێکی خێرا لەو هەموو نووسینە بدەین کە لەسەر ئەو شتە نووسران کە پێی دەڵێن کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، گوایا پێش ئەم بوونەوەرە چوار کابینەی هاوشێوەی ئەممان هەبووە! ئەو بابەتانەی لەسەر ئەم حکومەتە دەنووسرێن، یان شیوەنی کۆمەڵێک دۆڕاون، یان تێڕامانی کورتبینی ئەو نووسەرانەیە، کە کۆی شکستی سیاسیی کۆمەڵگای ئێمە بەم یان بەو سەرکردەوە دەبەستنەوە، تێڕامانی ئەو نووسەرانەیە کە بەعس لە سەدام حوسەیندا و تیرۆری ئیسلامیی لە بن لادندا کورتدەکەنەوە. ئەم جۆرە لە نووسەر پێیانوایە ئەگەر هەموو وەزیرەکان باشبن ئەوە خود بەخود وەزارەت و پاشان کۆی کایەی سیاسیی کوردی باش دەبێت، بەڵام لەڕاستییدا ئێمە کێشەی بونیادیکی  چەقبەستوومان هەیە کە هۆکارە بۆ شکستی هەر حکومەتێک بەدەر لەوەی کێ بەڕێوەی دەبات و کێن وەزیرەکانی. ئەم جۆرە لە نووسەر وەک ئەوەی باس لە سەرکەوتنێکی مەزن بکەن، پێیانوایە کە کێشەکە زۆری ژمارەی وەزیرەکان و کەمی ژمارەی ژنە لەو کابینەیەدا، بەواتایەکی تر ئەگەر چەند وەزیرێک دەربکرێن و چەند ژنێک بخزێنرێنە نێو ئەم حکومەتەوە، ئیتر سەراپای کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەر دەبن.  لەڕاستییدا ئەمە جگە لە کورتبینیی و بیرنەکردنەوە زیاتر هیچی دیکە نییە، چونکە کێشە ئەوە نییە کێ بووە بە وەزیر یان کێ لە وەزارەت بێبەشکراوە، هێندەی ئەوەندەی کێشەکە پەیوەستە بە کۆی ئەو بونیاد و سیستمە سیاسییەوە کە وەزەرات تێیدا دەبێتە کۆپییەکی قێزەونی وەزارەتەکانی بەرلەخۆی. کێشە ئەوەنییە کێ وەزیرە و سەر بەکام جێندەرە، ئەوەندەی کێشەی گەورە ئەوەیە کە ئەم کەسە، بەدەر لەوەی ژنە یان پیاو، لە ژینگەیەکی لەم جۆرەدا کە کابینەی پێنجەمی تێدا لەدایکدەبێت، دەتوانێت ئەو ئاستە ترسناکەی گەندەڵیی تێبەپەڕێنێت و خزمەتی پێویست بە هاوڵاتییان پێشکەش بکات.

لێرەدا ئێمە لە هەوڵی ئەوەدانین کە بەرپرسیارێتیی لەسەر شانی ئەم وەزیر و ئەندام پەرلەمانانە کەمبکەینەوە، یان پێشنیاری ئەوە بکەین کە یەکێتی بەتایبەتی و پارتیش تا ئەندازەیەک شەرمەزارنین کە ژنانیان لەو پۆستانە بێبەشکردوە، ئەمانە هەمووی گرنگن، بەڵام ئەوەی لەمانە گرنگترن کاریگەری ئەو بونیادە هەنووکەییەی حیزب و دەسەڵاتی کوردییە کە هەموو توانایەک ئیفلیج دەکات و هەموو عەقڵێک لەکاردەخات، کاتێک دەبنە کارمەندی ئەم دەسەڵاتە. مەبەستمانە بڵێیین کە ناکرێت کێشەکان ببەستینەوە بە تاکەکەسێک یان چەند تاکەکەسێکەوە، بەڵکو دەبێت تێڕامانمان ئاراستەی ئەو بونیادە بکەین کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ دووبارەبوونەوەی هەمان تراژیدیای سیاسیی. لەجیاتی ئەوەی بۆ نەبوونە وەزیری ژنێکی پۆستپەرست بگرین و کۆی پانتایی نووسینی کوردی پێوە سەرقاڵبکەین، باشترە ئەو هەلومەرجەی کۆمەڵگای ئێمە ڕاڤەبکەین کە گەندەڵیی بۆتە ئارەزوو، وەک هەر ئارەزوویەکی دیکەی وەک پوولکۆردنەوە، تۆپانێ یان تاوڵە. هیچ شتێک لەوە گەمژەییترنییە پێمانوابێت ئەگەر ژنێکی پۆستپەرستی وەک مەهاباد قەرەداغی ببوایەتە وەزیر، ئیتر کۆی کێشەکانی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە کۆتایی پێدەهات، هیچ شتێک لەوە کوشندەترنییە کە ژنانی چالاکی کۆمەڵگای ئێمە ڕێگەبدەن ژنێکی وەک مەهاباد قەرەداغی بەناوی ئەوانەوە مێژوو بۆخۆی دروستبکات و پۆستیان پێیوەربگرێت. بێگومان زۆرن ئەوانەی لەم ژنەیان پرسیوە: لەو ماوەیەی ڕبوردوودا کە پارتی بە پۆستی ڕاوێژکار گومرای کرد، چیی کردوە بۆ ژنان؟ بەڵام ئەم جۆرە لە نووسەر، وەک لەسەرەوە گووتمان کە خولیای گەورەی بردنەوەی گوێچکەی درێژی فەرمانڕەوایە، خۆی لەم جۆرە لە پرسیار گێل دەکات، لە بەرامبەردا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو زوڵمە ڕادەکێشێت کە پارتی و یەکێتی لەویان کردوە، وەک

ئەوەی زوڵم و نابەرابەری دیکەی پارتی و یەکێتی نەبێت ئێمە خۆمان بەباسکردنیەوە سەرقاڵبکەین، جگە لەم زوڵمەی کەلەم ژنە عەنتیکەیە کراوە. گرنگە ڕێگەنەدەین مەهاباد قەرەداغی گومڕامان بکات بەوەی کە وەزیربوونی ئەو هەموو کێشەی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەردەکات، چونکە بەر لە هەموو شتێک ئەمە ژنێکە کە پارتی تا ئەو ئاستە گومڕای کرد کە دەستبەرداری بەکارهێنانی وشەی ژن بوو، لەبەرخاتری خاتران وشەی ئافرەتی بەکاردەهێنا، ئێستاش بڕواهێنان بەم بادانەوە خۆپەرستانەیەی ئەم خانمە، گومڕاییەکە لەو گومڕاییەی خودی ئەم خانمە کەمەرشکێنتر.

لەڕاستییدا خولیای پۆستخوازیی مەهاباد قەرەداغی شتێکی سەیروسەمەرە نییە، تا ئەو جێگایەی هەوڵ بدات بە بەکارهێنانی کەناڵە تەقلیدیەکانی پۆست وەرگرتن ئەم کارە بکات، بەڵام کاتێک ئەم خولیایە گەیشتە ئەو ئاستە سامناکەی کە بەناوی هەموو ژنی کوردەوە قسەبکات و پەنا بۆ ڕۆح دیکتاتۆرێکی وەک بۆش ببات، شتێکە بێدەنگبوون لە ئاستیدا تاوانە(4). جێگای تێڕامانە کە ئەم خانمە خۆی بە پێشڕەوی ئەو بزوتنەوەیەی فێمینیزمی کوردی دادەنێت کە بوونی نییە، کەچی لە ساتەوەختی دۆران و دەستخەڕۆبووندا پەنادەباتە بەر پیاوێکی وەک بۆش، یان باشترە بڵێین پەنادەباتە بەر باوکێک تا فریای کیژە زوڵم لێکراوەکەی بکەوێت. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەی مەهاباد قەرەداغی لەسەر ژن گووتوونی جگە لە درۆ، لاساییکردنەوە و هەوڵدانێکی ناوبانگخوازانە هیچی دیکە نەبوون/نیین. ئەو گوتارانەی مەهاباد قەرەداغی، تەنانەت پاش ئەوەی بۆتە پارتیش، پێماندەڵێت کە ئەو ژنێکی ئازادە، بەم پاشکۆیی و پەنابردنە بۆ بۆش هەمووی وەک نووشتەی شێخ و پیاوچاکان پووچەڵ دەبنەوە. چونکە ژنێکی ئەوها ئازاد، هەرگیز ئامادەنابێت پەنا بۆ پیاوێک ببات، کە هەموومان دڵنیاین هیچ باکی بەو دۆخە نییە کە هەموو مرۆڤی کوردی پێیدا دەڕوات، چ جای لە مەینەتیەکانی ژنی کورد.

لە ئاستێکی تردا ئەمە بەرجەستەکردنەوەی هەمان ڕۆحی کۆیلەیە کە سەرکردایەتی کورد سیاسەتی لەسەر دەکەن، ئەو ڕۆحە بێئیرادەیەی کە بڕوای تەواوی بەخۆی لەدەستداوە و گریان و پاڕانەوەکانی ئاراستەی ئەمریکا دەکات، لەکاتێکدا ئەمریکا گەورەترین ڕێگرە لە بەدیهێنانی مافی سەربەخۆیی کورد. کورد گووتەنی ئەگەر دوو گا لە دۆڵێکدابوون ڕەنگی یەکیش نەگرن خووی یەک دەگرن، هەمان ئەو کەمتەرخەمی و بێئیرادەییەی سەرکردایەتی کورد وەک پەتا ڕۆچوونەتە نێو جەستەی مەهاباد قەرەداغیەوە. هەمان ئەو تێڕوانینەی دەسەڵاتی کوردی بۆ ئەمریکا لای ڕۆشنبیرێکی خۆبەزلزان و زارقەرەباڵغی وەک مەهاباد قەرەداغی ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەو تێڕوانینەی ئەمریکا بە تەنها پەناگە و فریادڕەس دەزانێت و پێیوایە کە هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نییە جگە لە پاڕانەوە لە ئەمریکا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی. هەمان ئەو تێڕوانینە خۆبەزلزان و خود-ئەڤینییەی دەسەڵاتی کوردی لای مەهاباد قەرەداغیش درێژدەکرێتەوە، وەک چۆن دەسەڵاتی کوردی خۆی وەک پێداویستی و سەرکردەکانی وەک سەرکردەی تەنگانە نمایش دەکات، مەهاباد قەرەداغیش بەهەمان ژێربێژییەوە لە کۆمەڵگای ئێمە دەڕوانێت و دەخوازێت خۆیمان وەک تاکە ژنی کارا و پێویست بەسەردا ساغ بکاتەوە، خۆیمان وەک ئەو ژنە پێیبناسێنێت کە کۆمەڵگای ئێمە ئەگەر دەستبەرداری بوو ئیتر لە گرێژنە دەچێت و لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە.

دیماگۆگیەتی ئەم نووسەرە گەیشتۆتە ئاستێک کە بێدەنگبوون لێی قبووڵکردنی ئەو خۆسەپاندنەیە کە ئەم نووسەرە کاری پێدەکات، خۆسەپاندن بەناوی ژنەوە، وەک بڵێی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژنی خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ لە پیاوان زیاتر نەبن! وەک ئەوەی هەموو ژنی کورد لە چاوەڕوانی دیماگۆگێکی وەک مەهاباد قەرەداغیدا بن، تا وەک فریادڕەسێکی حەتمی بێت و لە

مەینەتیەکانیان ڕزگاریان بکات. ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەو سیاسیانەدا نییە کە درۆ و چاوبەست بوون بە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانیان، چونکە، وەک هانا ئارێنت دەفەرموێت: "بەدرێژایی مێژوو کەس ڕاستگۆیی وەک یەکێک لە بەهاکانی کردەی سیاسیی پێشنیارنەکردوە." کێشەی ئێمە لەگەڵ مرۆڤێکدایە کە بەناوی ڕوناکبیرییەوە، دەخوازێت کۆمەڵگای ئێمە و مرۆڤە کەساسەکانی، کە ژنان لە ڕیزی پێشوەیاندان، بکاتە بەردەباز بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوبەری خولیا تاکەکەسییەکانی. لەبەرئەوەی هەموو سیاسییەک درۆزنە، ئەگەر مەهاباد قەرەداغی ڕاستگۆیانە بیگوتایە کە ئەو پارتییە و چیتر خوویداوەتە سیاسەت، ئەوکات کەس کێشەی لەگەڵ ئەم خانمەدا نەدەبوو، جگە لەوەی وەک بەشێک لەو سیستەمە خێڵەکییە گەندەڵە پەنجەی بۆ درێژدەکرا و درۆکانی وەک ڕۆتینی سیاسیی و حیزبی تەماشادەکران. بەڵام کاتێک کەسێک ئەوەندە دیماگۆگ بێت، ئەوەندە خۆشخەیاڵ بێت، کە بەناوی ژنبوون و نووسەربوونەوە هەوڵی هەڵخەڵەتاندی هەموو کۆمەڵگا بدات، جگە لە ڕیسواکردن شایانی هیچ پاداشتێکی تر نییە.

بەبڕاوی ئێمە ئەوەی ژنانی چالاک و ئازادیخواز پێویستیانە، ڕۆحێکی تووڕە و بوێری ژنێکی وەک (پورە ڕەعنا)ی پاشماوەی ئەنفالە، کە بەبێ هەبوونی هیچ بڕوانامەیەک، بەبێ ئەوەی بزانێت فێمینیزم چییە، ڕۆحی یاخیی و ئاڵودەی بەرخۆدانی پێشمەرگەی ڕاستەقینەی لەخۆیدا درێژکرۆدتەوە. ئەم ژنە کە بە هاوارە ساکارەکانی دەتوانێت ویژدانی هەمووومان بهەژێنێت، بۆ ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ئەو ڕۆح پێشمەرگەیەیە کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستە گوێی لێبگرێت و وەک سیمبوڵی بەرخۆدانێکی نوێ لێیبڕوانیت، نەک گوێ لەو ڕۆح تینوانەی پۆست بگرین کە جگە لە مەقام هیچ خولیایەکی دیکەیان نییە. ژنێکی وەک میمکە ڕەعنا، هەڵگری ئەو شکۆ و شەهامەتەی ژنی کوردە کە بە سادەیی خۆیەوە بەرجەستەی ئازارە ڕاستەقینەکانی ژنانی کۆمەڵگای ئێمە دەکات، ژنێک کە خولیای ژیانێکی باشتر وماڵێکی ئاوەدانە تا برینەکانی جەستەی خۆی تێدا کۆبکاتەوە و هەوڵی سارێژکردنیان بدات، نەک وەزارەتێک کە دڵنیایە هیچ لە خەم و چەرمەسەرییەکانی ئەم جۆرە لە مرۆڤی باڵا و پشگوێخراو کەمناکاتەوە.

لە کۆتاییدا، خوێنەری ئازیز بانگهێشت دەکەین، بۆ ڕۆکردنی تڤێک بە ئاراستەی ئەو زارانەدا کە سەرقاڵی پاڕانەوە و بەکۆیلەکردنی ڕۆحی کوردین و خولیای بردنەوەی گوێچکە درێژەکانی فەرمانڕەوا کۆی ژیانیانی نەخشاندوە، پاشان سەری ڕێز بۆ پورە ڕەعنا و هاوخەمەکانی دابنەوێنین، کە لەم ڕۆژگارەدا تەنها پێشمەرگەی ڕاستەقینەن کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا مابن.

سەرچاوەکان:

(1) بڕوانە: هەندرێن، (2006)، ئەرکی حوکمڕان بەرهەمهێنانی هاووڵاتییەکی چاک و بەختەوەرە: لەمەڕ تیۆری دەوڵەت لە ڕوانگەی پلاتۆ و ئەرستۆوە. ئەم بابەتەی هەندرێن بڕیارە لە هەفتەنامەی ڕۆژهەڵات بڵاوببێتەوە. جێگای سوپاسە کە ڕێگەیدا ئێمە سوود لەم دەقە وەربگرین بەر لە بڵاوبوونەوەی.

(2) "میر"ی ماکیاڤیلی، یەکێکە لەو دەقانەی کە تێڕوانینێکی زۆر چەوتی لەسەر گەڵاڵەبووە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، بێگومان ڕۆشنبیریی ئێمە تەنها نییە لەم تێڕوانینە هەڵەیەدا بۆ ماکیاڤیلی. چەندین بیریار کاریگەرییان هەبووە لە گەڵاڵەکردنی ئەم تێڕامانە کە پشت بە کتێبی میر دەبەستێت و دەقە فەلسەفییە سیاسییەکەی پشتگوێ دەخەن. ئەو دەقەی ماکیاڤیلی کە پشتگوێخراوە "گوتارەکانە"، کە ئێمە هیوادارین لە دەرفەتێکدا سەردانێکیان بکەین و ڕەخنەگرانە شرۆڤەیان بکەین.

(3) سامۆیڵ هانتیگتن، کە لای ئێمە زیاتر بە تێزە بێینەماکانی لەسەر "پێکدادانی شارستانێتییەکان" ناسراوە، لەساڵی 1975دا بەهاوکاری (مایکڵ کرۆزییەر) و (جۆجی واتانۆکی)، کتێبێک دەنووسن بەناونیشانی "تەنگژەکانی دیمۆکراسی" (Crisis of Democracy)، کە جگە لەوەی سەرکەوتوانە سەرنجی فەرمانڕەوا ڕادەکێشن، خۆیان وەک دوژمنی سەرسەختی دیمۆکراسی دەناسێنن. تێزە خورافییەکانی هانتینگتن لە پێکدادانی شارستانێتییەکاندا، درێژکراوەی هەمان ئەم دوژمنایەتییەی دیمۆکراسییە، چونکە لە پێکدادانی شارستانێتییەکاندا، هانتیگتن خۆرئاوا لە هەڕەشە ئاگاداردەکاتەوە و بۆ گرژی شارستانیانە ئامادەیان دەکات.

(4) ڕەوایە ئاماژە بە "نیگار نادر" بدەین کە پێشتر لە دەنگەکان سەرنجی ئێمە و خوێنەری بۆ ئەم ڕەهەندە سامناکەی نوێنەرایەتیکردنی مەهاباد قەرەداغی و ئاخاڤتنی بەناوی هەموو ژنی کوردەوە ڕاکێشا.

06/05/21

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند